# "هەنبانە بۆرینە"کەت  تووڕێك ناهێنێ !

سالار بابەشێخ
hisami@wall.com

بە درێژایی مێژووی داگیرکرانی کوردستان، داگیرکاران هەردەم هەم وخەمیان ئەوە بووە کە کورد لە هێماکانی نەتەوەیی خۆی دامالن، ئەمە راستییەکە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکا، کورد گرینگی بە رەمزەکانی نەتەوەیی نەداوە، بۆیە هەتا هەنووکەش لە (مارش و سروودی نەتەوەیی و جۆری ئالا و شێوازی رێنووس) و تەنانەت لە نووسینەوەی مێژووی بوونیشیدا، خۆی ساغ نەکردۆتەوە!

لە سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب"دا، چاخێك کورد رۆڵەی (کاوەی ئاسنگەر)ە و سەردەمێك بنجەرگی (میدیا) و (کەیخوسرەو)ە، کەواتە بەمکارە سەلماندمان کورد بێژووە و وەك مریشکی ئاوەڕووتکراو، لە ئابڕوو داماڵدراوە!

هێشتا نەبەدارە و نەبە بارە، باسی ئەوە دەکرێ ئالای کوردستان بگۆڕن! ئالای پیرۆزی کوردستان ئەوەی کە ئێستا لەباشووری ولاتەکەمان شەکاوە راگیراوە، لە هەموو کەرتەکانی کوردستاندا دانی پێدانراوە و گەورە و گچکەی کورد، دڵی پێ شاد بۆتەوە، ئەم ئالایە بەری تێکەڵبوونی خوێن و فرمێسکی کوردە، کوردی لەسەر جینۆساید کراوە، ئێمە هێشتا کیانێکی سەربەخۆمان نییە و پتر لە 30 ملیۆن کوردیی بەش مەینەت، چەپۆکخۆری داگیرکەرانی کوردستانی گەورەن و بەهەمموو شێوازێك لە مافە رەواکانیان بێبەش کراون، کەچی داوای ئالاکەی سەلاحەدینی ئەییوبی دەکەین کە هەتا هەنووکەش زلهێزەکانی جیهان و خاچپەرەستەکانی دونیا، قاریی خۆیان لەسەر شالاوەکانی سەلاحەدین، بە کورد و کوردستان دەڕێژن!

مارشی سروودەکەمان هەندێك جار بۆ رەشبەڵەك باشە و جاری واش هەیە بۆ شیوەن و ماتەمێنی دەگونجێ، ئیتر هەرکەس بە ئارەزووی خۆی کرژ و خاوی دەکاتەوە!

پێکهاتەی سروشتی لەسەر ناوی مانگەکان کاریگەری داناوە! هاوینان لە باشوور و رۆژهەلاتی ولاتەکەماندا، دوو مانگی (گەلاوێژ) و (خەرمانان) جێگۆڕکێ دەکەن! واتە لە باشووری کوردستان دووەم مانگی هاوین (خەرمانان)ە و لە رۆژهەلاتی ولاتەکەشمان (گەلاوێژ)ە! تۆ بڵێی زمانی پرپیت و بە زاراوە دەوڵەمەندی کوردی، بایی ئەوەندەی تێدا نەبێت کە پێکهاتەی سروشتی و گەرمێن و کوێستانی ئەم ولاتە لێقەوماوە، لەسەر ناوی مانگەکان کاریگەری دانەنێ و جێگۆڕکێیان پێنەکا؟

خۆ ئەگەر شەرەفخانی بتلیسی نەبایە دەبوا شیوەنمان بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆمان بکردبایە، چونکە هەموو بەڵگە و دێکۆمێنتەکانمان لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، دەستی بەسەردا گیراوە.

شێخ مەحموودی نەمر لە ژێر تەرزەی گوللە و رەهێڵەی بۆمب و هاوەندا سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاند و بوونی نەتەوەی کوردی بووژاندەوە، کەچی هەندێك لە تاریکبیرانی کورد پێی دەڵێن "خولە قۆپچە"، ئێمە سەرکردەکانی خۆمان بێنرخ دەکەین، سەرۆکی کوردستان بۆ داگرتنی ئالای بەعس و ئەنفال، بڕیارەکەی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت هەتا لەسەرلەبەری کوردستاندا جێبەجێدەکرێت! ئێمە رانەهاتووین رێز لە رێبەر و سەرکردە و سەرۆك  بگرین، بۆیە هەر بە بێ پاشا و بەبێ گەورە و بە بێ دەوڵەت ماوینەتەوە.

لە هەولێر لەسەر دەرگەی پرسگەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان نووسراوە "پرسگا" واتە پرس کردن بە گا، بە رێگە دەڵێین رێگا، واتە رێگەی گاوگوێلك! جێگەمان کردۆتە جێگا، واتە شوێنی گا! کۆمەڵگەمان کردۆتە کۆمەڵگا، واتە کۆمەڵێك گا! لە قوتابخانەکان لە وەزارەتەکان و لە ناوەندەکانی خوێندنی بالادا رێزمان و رێنووسی کوردی سەقەت کراوە، نازانم کاری کۆڕی زانیاری کوردستان چییە؟

 خوێندکارێکی بەشی ئەدەبیاتی کوردی ، هەموو هۆزانەڤان و شاعیرێکی عەرەب بە ژیاننامەکەیانەوە دەناسێت، بەلام زانیاری لەسەر خانی و حاجی و مەلای گەورە و مەحوی و مەولەوی و هەژار و هێمن و ....هتد نییە!

زاخاوی دەروون زۆرە و لە تەك سەرباسی ئەم نووسینەدا ناگونجێ و لە لاپەڕی بلاوکراوەیەکدا جێگەی نابێتەوە، بۆیە دەچمەوە نووك و باسی ئەو رۆژنامەنووس و کۆلکە نووسەرانە دەکەم کە خراپتر لە دامودەزگا سیخوڕییەکانی داگیرکەرانی کوردستان، رێنووسی کورد بەرەو دۆڵی ئالۆزی و شێواوی پاڵی پێوەدەنێن.

ئاخۆ شکاندنی سەروگوێلاکی رێزمانی کوردی بە چ ئاراستەیەکدا دەچێ؟

زۆر و بۆریی رۆژنامە، گۆڤار، هەفتەنامە ومانگنامە لە باشووری کوردستاندا، کارێکی ئەوتۆی کردووە کە نووسەر و رۆژنامەوانی بێ ئەزموون و زۆروبۆریش، هەتا دێ پتر دەبن و هەندێکیان نووساریی کوردییان داوەتە بەر گۆپاڵی گۆترەبڕ و کارێکی وایان بەسەر رێزمانی کوردی هێناوە کە "با بە دەواری شڕی ناکات".

بە عەرەبی بیر دەکەنەوە و بە کوردی دەنووسن، فەرمان (فعل) لە پێشی پێشەوەی رەستە، یان لە ناوەندی رەستەکەدا بەکار دێنن. هەندێك نووسینیان هەیە کە ئەگەر خوێنەر شارەزای زمانی کوردی و عەرەبی نەبێت، لێی تێناگات.

ئەگەر هەموو رۆژنامە و بڵاوکراوەکان خڕ بکەینەوە، دەبینین هیچیان داڕشتنێکی یەکدەستیان نییە، رۆژنامەنووس هەیە بە هۆی مانەوەی لە ئێران، چەند وشەیەکی فارسی لە تووڕەکەی یادەوەرییەکانیدا هەڵگرتووە و لە تەك خۆیدا هێناویەتەوە بۆ کوردستانی رزگارکراو و لە دەشتی کاکی بەکاکی و بێ پرسینەوەدا، زۆرچەپێنی نێو رێنووسی کوردی دەکات! کارەکەیشی بە کارێکی شیاو و بێ هاوتا و جوان "قەشەنگ" دەزانێت!

نووسەران و رۆژنامەنووسانی کورد تایبەتمەندی خۆیان هەیە، دەشێ جیا لە گەیاندنی زانیاری بە خوێنەری بابەتەکەیان، لە دژی هەرەسهێنانی زمانەوانی و ناشیرینکردنی رێنووسی کوردی، وەك ئاوبەندێکی پتەو بوەستن و بەرامبەرکێی نەزانکاران و نانووسەران بکەن.

رۆژنامە و بڵاوکراوەکان هەر لە ناوەندی لاپەڕەکانی خۆیاندا هێشتا خۆیان ساغ نەکردۆتەوە کە وشەی "سنوور" چۆن بنووسن، (سنوور) دەکەنە (سنور)، لە جیاتی "گوتی" دەنووسن "گووتی". پیتی (ص)ی عەربی بەکار دێنن، (خەم) دەکەن بە "غەم"، (باخ) دەکەنە "باغ"!

نازانم "ئینساف" و "عەداڵەت"و "تەعبیر"و "تەحلیل" و "تەفسیر" و "تەشریح"یان، بە کۆڵی کام وشتر هێناوەتە نێو رۆژنامەوانی کوردی و بۆ وا بە پێخاوسی تێیکەوتوون؟!

بێدەنگی لەبەرامبەر ئەم داهێنانە نەزۆکانەدا، جگە لە سستی و وەنەوەزبردنەوەی رۆشنبیران و نووستنی زمانەوانانی کورد لە گوێی گادا، چی دەسەلمێنێ؟!

ژمارەی نووسەران لە هەڵکشاندایە و ئەمە هێمای بەختەوەری هەر گەلێکە، بەس بەر لە بڵاوکردنەوەی نووسینەکان دەشێ بزانیین ئێمە بەرامبەر بە نەوەکانی کورد کە میرات وەرگرانی ئێمەن، بەرپرسیارین، بۆیە پێویستە خۆمان پاراو بکەین و کاتێك دەست بۆ خامەیەکی کوردانە دەبەین، جاربەجارێکیش چاومان ماندوو بکەین و چاوێك بەسەرچاوەکانی رێزمانیدا بخشێنین. بۆیە بەشەرمەزارییەوە رووی دەمم لە مامۆستا "هەژار" دەکەم و دەڵێم:

ئەی (هەژار)ی گەنجینەی رێنووسی کوردی

ئەوە لە کوێی، هەتا بزانی "هەنبانە بۆرینە"کەت تووڕێك ناهێنێ و ئاوڕێکی لێنادرێتەوە؟